


# چاکسازی یان دیموکراسیەت و دەستور

سیروان مەحمود ..... هۆڵەندا

ماوەیەکی زۆرە هەموان گوێ بیستی ووشەی چاکسازی و ڕستە ڕەنگاورەنگەکانین ، ڕۆژ نییە لە میدیاکان و لەسەر زاری هەموان ئەو ووشە و ڕستانە دووبارە نەبنەوە ، زۆر لە ڕۆشەنبیران و نووسەران بابەت و توێژینەوەی جیاجیایان خستۆتە سەر پەڕەکان و خامەکانیان تەرخان کردووە بۆداکۆکی کردن لەو پێویستیە مێژووییە و کۆششیان بەردەوامە بۆ ڕوونکردنەوەی مەترسیەکانی ڕەوشی ئێستای تاقیکردنەوە ناسکەکەمان و ئاکامە ترسناکە چاوەڕوانکراوەکانی ئایندە . زۆر تا کەم چی ئەگەر لە باوەڕەوە بێت یان لە ژێر پاڵە پەستۆی ڕاستیە مێژوویەکان و پێوستی بەردەوامی کەرەسەو ئامڕازەکانی ڕابەرایەتی کۆمەڵ ئەوا هەندێک لەبەرپرسان و کەسایەتیە سیاسیەکان دەرکیان بەو ڕاستیە کردووە و خۆیان خستووەتە ناو تاوتوێکردنی هێنانەدی پرۆژەیەکی چاکسازی ڕاستەقینە بۆ ڕێکخستنی ماڵی کوردی و تۆکمە کردنی ئەو ماڵە لە ئاست هەموو پێشهات و مەترسیەکان و لەڕاستیشدا بۆ بەرژەوەندی ئێستا و ئایندەی گەلەکەمان ئەوا پێویستە تێکرای ووزەکان وەگەر بخرێن و توێژینەوەکان و لێکۆڵینەوەکان کۆبیکرێنەوە و پرۆسەیەکی چاکسازی ڕاستەقینەی لێ گەڵاڵە بکرێت تیایدا بوێرانە و ڕاستگۆیانە هەموو بارودۆخە بابەتی و خۆییەکان هەڵسەنگێنرێت و پرۆژەیەکی تێروتەسەلی زانستی لێ بکەوێتەوە کە مللەتەکە بخاتە سەر هێڵێکی هاوتەریپ لەگەڵ گۆرانکارییە هاوچەرخییەکان و کۆمەڵگا بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغی دروستکردنی کۆمەڵگای مەدەنی دیموکراسی کە بەها و مافە دیموکراسیەکان کۆڵەکەی بنیاتنانەوەی بێت لە پێناوی پاراستنی دەستکەوتە هەنووکەییەکان و دابینکردنی ئاییندەیەکی باشتر بۆ نەوەکانی داهاتوو .

ئەو خانوەی دروستکراوە ماڵی هەموانە و هەموش ماندوو بووین بۆ بنیاتنانی و هەر یەکەو بەپێی ڕۆلی خۆی و لە کەنالێکی تایبەتەوە ، لەقاندنی پایەکانی و تەشەنەی درزی

دیوارەکانی دەبێتە مایەی ڕوخاندنی ئەو خانووە کە بە خوێن و ئارەق هاتووەتە بەرهەم ، هەر بۆیە ماف و ئەرکی هەموومانە خەمخۆری بین و بەشدار بین لە تۆکمەکردنی و پاراستنی لە ڕوخاندن و دەبێت حیزبەکان و دەسەلاتدارەکانیش لەپاڵ مافەکانیان پابەند بن بە کەرەستەکانی چاکسازی و ڕێخۆشکەر بن بۆ بەدیهێنانی پرۆسەیەکی چاکسازی ڕاستەقینە .
بۆ گەیشتن بە پرۆژەیەکی چاکسازی بنەرەتی پێویستمان بەلێکۆلێنەوەی قووڵ هەیە و دەبێت کەموکوڕیەکان وەک خۆی و ئازایانە دەستنیشان بکرێت لەناو کۆمەڵ و حیزب و حکومەتدا ، فەرامۆشکردنی هەر یەک لەم چەمکانە بۆشاییەک لە پرۆسەکە دروست دەکات وهەنگاوی پراکتیزی کردنی قورس دەبێت گەر مەحاڵ نەبێت ، بەڵگەشمان ئەوەیە تا ئێستا چەندین باس لە چارەسەرکردنی ئەولایەنە دزێوانەی کە یەخەی میللەتەکەمانی گرتوە و لەسەروی هەموشیانەوە گەندەڵییە و زۆر تا کەم هەوڵ دراوە بەرنامەی چارەسەری بۆ دانرێت بەلام ڕوناکی نەدیوە و چەند دەڕوات و دێت ئەوا پرۆژەکان لە فایلەکان قەتیس ماون ، خۆ ئەگەر شتێکیش چارەسەر کرا بێت ئەوا ناچێتە ئاستی چاکسازی بەڵکو ووەلامدانەوەیەکی کاتی بووە بۆ پاڵەپەستۆ هەنووکەیەکان و خۆ دەربازکردن بووە لە ڕخنە و گازندەی جەماوەر .
مەرجی بەدیهێنانی پرۆژەی چاکسازی و پراکتیزەکردنی گرێ دراوە بە بوونی زەمینەیەکی گونجاو بۆ هەڵقولاندنی و پەیرەوکردنی ، جا دەبێت ئەو زەمینە خۆش بکرێت لە نێو کۆمەڵدا بە تاک و حیزب و حکومەتەوە ، تەوەری ئەو زەمینەیە پێکهاتووە لە بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە لە ناخەوە هەست بە پێویستی گۆڕانکاری بکات و ڕاستگۆیانە کار بۆ پرۆژەی چاکسازی بکات و پایەی سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنیش دیموکراسییەتە ، کۆمەڵگای مەدەنی بەبێ جێگیربوونی دیموکراسیەت نایەتە دی بەڵکو تەواو کەریەتی و بەرهەمێکی ڕاستەو خۆیەتی ، واتا هەنگاوی یەکەمی زەمینە خۆشکردن بۆ چاکسازی بەدیهێنانی دیموکراسییەتە و پێکهێنانی تاک و کۆمەڵی دیموکراتە و بە پێچەوانەشەوە هەر بانگێشەیەکی چاکسازی ئەوا قەوانێکی بەتاڵە و گەر مرۆڤ دیموکراتییەتی نەچێشتبێ و ڕەنگی نەدابێتەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا ئەوا ئامادەش نییە لە ناخییەوە دان بە چاکسازی بنێت و بەهاکانیشی پێ قووت نادرێ ، لە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیشدا ئەوا مافە مرۆییەکان لەسەر پایەی دیموکراسییەت بنیات نراوە ، تاک بە پێی بنچینە دیموکراسیەکان بەشدارێکی چالاکە لە چارەنووسی وولاتەکەی و لە بەرێوەبردنی ڕۆژانەی کۆمەڵگاکەی و ئەوتاکەشی ئەو مافەی پێ ڕەوا دەبێت ئەوا تاکێکی ساخڵەمی لێ دروست دەبێت و مافە دیموکراتیەکان نابەزێنێ و خۆی لە نێو کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا دەبینێتەوە و ئامادەیی دەرونی هەیە بۆ هەمو گۆڕانکارییەک و ووشیارانە کاردەکات بۆ وەلا کردن و چاکردنەوەی لایەنە دزێوەکانی کۆمەڵەکەی وگەر خودی خۆشی گرتەوە ، واتا پێویستمان بە تاکی

دیموکراتە لە نێو کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا بۆ بەشداری کردن لە بەڕێوە چوونی وولاتەکەی ، ئەو کۆمەڵە دیموکراتەش بەندەکانی جاردانی مافی مرۆڤ لە دیسەمبەری 1948 زامنی بەدیهێنانی کردووە وەک لە مادەی 21 بەندی 3 هاتووە :

ئیرادەی گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی حکومەتە ، ئەو ئیرادەیەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی پاک و بەردەوام دەبێت و بە پێی دەنگدانی نهێنی و بە یەکسانی نێوان هەموان ......

لەم بەندەو و چەندین بنەمای دیموکراسی تر ئەوا تاک بەشدارە لە چارەنووس و بەڕێوەبردنی وولاتەکەی ، خۆبەستنەوەش بەو بنچینە دیموکراسیانە بناغەی دروست بوونی کۆمەڵگای مەدەنییە ، ئەو کۆمەڵگا ساخڵەمەی کە دەتوانێت بە دیالۆگ و پەسەندکردنی ڕای بەرامبەر و ڕەخنە وەرگرتن هەموو هێڵە خوارەکان ڕاستکاتەوە و لاوازەکانیش بەهێز بکات وبگرە گەر کۆمەڵێک بە بەها دیموکراسییەکان کار بکات ئەوا هەستی نیشتیمانی و هەستی دڵسۆزی تاکەکانی ڕێگردەبێت لە کاری چەوت و بەرهەمی سودبەخش دەبێتە کاردانەوەیەکی ڕۆژانە بێ ئەوەی ئاماژە بدرێت بە چاکسازی و پەلەکانی ، هەر ئەو پەیرەوە دیموکراسیانەیە لە وولاتە دیموکراسییە پێشکەوتوەکان پایەی دیالۆگی تۆکمە کردووە بۆ تاو تووێ کردنی بەرنامەی ژیانی ڕۆژانەیان و داڕشتنی نەخشە سیاسیەکانیان و بەو بنەمایانەش بەرەو ڕووی کێشە و گرفتەکانیان دەبنەوە و لە کارکردنی بەردەوامن بۆ گەشەپێدانی ژیانی خۆیان و ژیانی مرۆڤایەتی .

قەیرانەکەمان قەیرانی نەبوونی خەڵکی دڵسۆز نییە ، بێ حکومەتی نییە ، بێ فرە حیزبی نییە ، بەڵکو قەیرانەکەمان وون بوونی مامەڵە کردنە بە پرینسیپە دیموکراتیەکان و نەبوونی حکومەت و وولاتی یاسایە و لە ئەنجامیشدا مردنی هۆشی دیموکراسی و نەبوونی تاک و کۆمەڵی دیموکراتییە و گوناهەکەشی و بەرپرسیارەتییە مێژوویەکەی لە ئەستۆی لایەنی دەسەڵاتدارادیە جا گەر حیزبەکان بن یان کەسایەتییە بالادەستە نیشتیمانیەکان بن .

دیموکراتییەت پێک نەهاتووە لە تەلاری پەرلەمان و پەرلەمانی دەست بەرزکردنەوە و چەپڵە لێدان ، دیموکراتییەت ئامادەکردنی تاکە بۆ بەر پرسیارەتی بەرامبەر کۆمەڵەکەی و بەشداری کردنی لە بەڕێوەبردنی ، دیموکراتییەت بنیاتنانی بڕوای تاکە بە خۆی بۆ ئەرکە نیشتیمانیەکانی جا ئەو تاکە هاولاتی ئاسایی بێت یان دەسەلاتدار بێت ، دیموکراسیەت دەبێ کۆمەڵێک بێنێتە بەرهەم کە تاکەکانی ئاشنا بن لەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان ، بالادەست و ژێردەستی تیادا نییە و هەمو یەکسانن لە ئاست یاسادا و بەر پرسن لە کارەکانیان و ئەنجامەکانی .

هەر کەسێک داخوازی چاکسازییە ، هەر لایەنێک ئارەزوومەندی چاکسازییە ، پێویستە لە پێشان خۆی پڕ چەک بکات بە بەها دیموکراسییەکان و بڕوای بە بوونی زەمینەی سەرکەوتنی ئەو پڕۆسەیە هەبێت کە خۆی لە بوونی کۆمەڵگای مەدەنی دەبینێتەوە ، بۆ هاتنەدی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستمان بە دیموکراسییەت هەیە ، بۆ سەرکەوتنی دیموکراسییەت پێویستمان بە دەستور هەیە ، دەستوریش دەبێت دەستوری میللەت بێت و پێوەرە مەدەنییەکانی تیادا جێگیر بێت و ڕابەرایەتی دەوڵەتی یاسا بێت نەک دەستوری تایەفە و حیزب بێت و بۆ خزمەتی چەمکێک دارێژرێت ، وولات و حکومەت و پەرلەمانی بێ دەستور وولاتی دەسەلاتە ڕەهاییەکانە ، وولاتی بێ لێپیرسینەوەیە و پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانە و سوکایەتییە بە مرۆڤی هاوچەرخ و بەها دیموکراسییەکان ، وولاتی درووشم و سۆز و چەپڵە لێدانە !!!

دەستورمان نەبێت دیموکراتییەت مەحاڵە ،
دیموکراتییەت نەبێت کۆمەڵگای مەدەنی خەیاڵە ،
کۆمەڵگای مەدەنی نەبێت چاکسازی قەوانێکی بەتاڵە .

s.mahmood@wanadoo.nl